کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
21-7-2007 17:00 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**ماڵئاوایی ئەندامێکی شۆڕشگێڕو پێشمەرگەیەکی دێرینی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان:**

پەژارەو پرسەیە بۆ هەمو ئەندامانو یارانی کاک (ئەکرەم ئەحمەدی) کوڕی حاجی ئەحمەد بەگی کەندەسورەی بانە، لە دوای چەندین ساڵ خەباتو بەرخۆدان، لە تەمەنی بەرزی ژیانی سەربەرزیدا لە شاری هەولێر، ماڵئاوایی لە ژیانو لە بنەماڵەو هاورێیانی کرد.

کاکە ئەکرەمی کۆچکردو، لە سالی 1342 هەتاویدا، ئەندامێکی هەڵسورو تێکۆشەری حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بو.

لە ساڵی 1343 دا، بو بە ئەندامی کۆمیتەی شارستانی بانە.

لە خەباتو تێکۆشان هەدای نەدا تا راپەڕینو شۆرشی گەلانی ئێران دەستی پێکرد.

کاک ئەکرەم، لەو دەورەدا خەباتەکەی گواستەوە بۆ بەشی پێشمەرگایەتیو لە هیزی (شەهیدانی ویردی) بانەدا جێگای خۆی کردەوە.

وەک فەرماندەو سەردەستەیەکی پێشمەرگەکانی ناوچەی (بابۆس) بە خۆبەختیو گیان لە سەردەستەوە، کەوتە بەربەرەکانی ستەمو زۆر وێژی داگیر کەرانی کوردستان.

لە ناخی دڵەوە، پرسەو سەرەخۆشی بۆ بنەماڵەو کەسوکارو هاورێیانی کاک ئەکرەم ئەنێرم.

لە یەزدانی مەزن داوادەکەم گیانی هاورێی کۆچکردومان بە بەهەشتی بەرینو فیردەوسی شادڕەوانان شاد بکات.

لە وەڵاتی فینلاند / شاری تورکو 20. 07. 2007
ئەبوبەکری فەلسەفی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.